کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-7-2007 23:05 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بای بای ڕێزلینان... رزگار کۆچەر

rzgarkochar@hotmail. com

ئەو پارە حەیاتەی ئێوە بە ناوی ڕێزگرتن لەسەر ئێمەماننتان دابەش دەکرد ئەگەر چی شێوازێکی جوانی بە سۆسیال کردنی توێژیلکَی فرەوانی کۆمەڵگا بوو بەڵام برینی ئەو مقۆ مقۆییەی کە لەگەل هەنگاوە سەرەتایەکانی ئەم پرۆژەیە سەری هەڵدا خۆی لە خۆی دا هەنگاوێکی چاك بوو بۆ چاوپێداخشانەوەو نەهێشتنی شتێك بەناوی ڕێزلێان کە ناعەدالەتی و نایەکسانی و فرت و فێل بە شێوەیەکی بەرچاو لە ناوەکان و لە کەسە موستەفیدەکان هستی پێدەکرا، چونکە کەسانێك خزمەتی بەعس و رژێمی گۆربەگۆریشان بۆ کرابوە میدالیەو مانگانەش پارەیەکی خەیاڵیان بۆ سەرف دەکرا کە دەرچووی زانکۆ لەپاش دەرچونیشی خەونی بەم موچەیە دەدیت تا مالێك بۆ خۆی بەم موچەیە دروست بکات، دیارە بی پلانی لەهەر کارێك ئامانجەکەی لەکۆتای دڵخۆشکار نابێت بەڵکو زۆرجار دەبێتە هۆی ڕەنجاندنی کەسانێکی زۆرو پرتەوە بۆلەی زۆرێشی لێدەکەویتەوە جار جاریش دەبێتە هۆی نارەزای دەربرین، بۆیە ڕاگرتنی پرۆژەی ڕێزلێنان ئەگەر لای خەلکانێك هەنگاوێکی چاك بێت بۆ نەهێشتنی نایەکسانی ئەوا خەڵکانێکی زۆریش زەرمەند دەبن چونکە هەنگاوەی داهتوویان ئەگەر پر خەون و ئارزووی ڕەنگاو ڕەنگیش بێت ئەوا بە نەمانی ئەو شەست هەزارە یان سەد هەزارە زۆر پرۆژەیان لە ناو دەچێت کە لە خەون خیاڵیان دروست ببوو، وەلی ئەگەر بێت و هەڵسەنگاندنێك لەمەر پارە بەهەدر ڕۆشتوەکانی حکومەت بکەین کە زۆربەداخەوە بەشێکی زۆری بەهۆی گەندەلی و خراپ بەکار هێنانی لە ئیفاد و سەنترەکان و پارەی داوەت و داوەت کاری و کۆنفراسی بی ماناو کۆنسێرتی هونەرمەندی دەنگ نەشازوو زۆر شتی سەرف دەکرێت و باس بکەین، ئەوا دەبیین پرۆژەی ڕێزلێان ئەگەر چی قسەی زۆریشی لەسەرە لەچاو پرۆژەکانی تری حکومەت کە بەناوی پیاوماقولانەو دیوەخانەو زۆر شتی تری حزبەکان کە لە ڕێگای حکومەتەوە کاری پێدەکەن ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە نەسبەیەکی زۆری میزانیەی حکومەت هەر پیاوەکانی حکومەت خۆیان دەیخۆن و لی ی موستەفید دەبن..



ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.